# هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

هەرێمی کوردستان بەهۆی پێگە جیۆسیاسییە ستراتیژییەکەیەوە بە درێژایی مێژوو هەمیشە گەیشتۆتە ئاستی ناوچەیەکی گرنگ و حیساببۆکراو لە هاوکێشە نێوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا. لەبەر ئەم هۆکارەیشە دەبینین بەردەوام ئەم ناوچە جوگرافییە بۆتە ئامانجی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییە جیاوازەکان. بەهۆی ئەوەی جیهان لە ئەنجامی جەنگی ئۆکراینا و غەززەوە بەرەو قۆناغێکی جیاواز هەنگاوی ناوە، چاوەڕێ دەکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا پانتایی ململانێکان فراوانتر بێت، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم چوارچێوەیەدا ئەم گۆڕانکاری و قەیران و ململانێیانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان؛ بۆیە زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان ئەم مەترسییانە بەهەند وەربگرێت و، کار بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بە مەبەستی خۆڕزگارکردن لە دەرهاوێشتە نەرێنییەکانی یان لانی کەم کەمکردنی ئەو زیانانەی کە بەری دەکەوێت. لە بابەتی ئەم جارەمان بە شێوەیەکی گشتی هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو هەڕەشە و مەترسییانە بخەینە ڕوو کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2024 ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان ببنەوە.

**گرنگترین هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆییدا کامانەن؟**

هەرێمی کوردستان پێش هەموو شتێك لەسەر ئاستی ناوخۆیی ڕووبەڕووی چەندان هەڕەشە بۆتەوە و، چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2024یش ئەم هەڕەشانە درێژەیان پێ بدرێت و، لەوانەیە جۆر و ژمارەی هەڕەشەکان ڕوو لە زیادبوون بکات. بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێ گرنگترین هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2024 بەم شێوەیەی خوارەوە پێشبینی بۆ بکرێت:

<u>**یەکەم:**</u> ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی ئەگەر بەم شێوازەی کە ئێستا هەیە درێژەی پێی بدرێت، ئەوە ئەم خاڵە دەبێتە گرنگترین هەڕەشە کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە؛ چونکە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو حزبە سیاسییە زۆر زیانی پێ گەیشتووە. ئەم ناکۆکییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن نەیارەکانی کورد و هەرێمی کوردستان زۆر بەباشی سوودی لێ بینراوە؛ ئەوەی جێگەی تێڕامانە، تا ئێستا هیچ ئاسۆیەك نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە، سەرەڕای ئەو هەموو زیانەی کە بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە. ئەگەر پارتی و یەکێتی ئامادەیی جددی نیشان نەدەن بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی و درێژخایەن، ئەوە پێشبینی دەکرێت هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2024 ڕووبەڕووی ناسەقامگیرییەکی سیاسی ببێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ، کە ئەمەیش کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی دیکە.

**دووەم:** هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لەو هەڕەشانەی کە چاوەڕێ دەکرێت هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ببێتەوە؛ چونکە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازتر دەبێت لەگەڵ ئەوانەی پێشووتر، بەهۆی ئەوەی ئەم جارە هەڵبژاردنەکە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە بەڕێوە دەچێت. ئەگەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە لە 18ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2023 بەڕێوە چوو، لەبەرچاو بگرین، ئەوە پێشبینی دەکرێت کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش کە بڕیارە ئەمساڵ بەڕێوە بچێت، پێشێلکاریی جددی بکرێت و دەستکاریی ئەنجامە ڕاستەقینەکان بکرێت لە بەرژەوەندیی هەندێك لایەنی دیار کە ڕاستەوخۆ لەلایەن لایەنە شیعەکانی عێراقی نزیك ئێران، پاڵپشتی دەکرێن. دەستکاریکردنی ئەنجامەکان لەوانەیە پەرلەمانێك بهێنێتە بەرهەم کە تیایدا مەحاڵ بێت یاساکان بەبێ کێشە دەربچوێنرێت و لەوانەیە پێکهێنانی حکوومەتیش گرفت و کێشەی جددی بێنێتە بەردەم. چونکە هەندێك هێزی هەرێمی، هیچ کاتێك نایانەوێت و نەیانویستووە لە هەرێمی کوردستان هێزێکی نیشتمانی یاخود هێزێك کە سەد لە سەد لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان نەبێت، باڵادەست بێت وکونترۆڵی ژیانی سیاسی بکات. بۆیە ئەم هەڵبژاردنە ئەوەندە بۆ هەرێمی کوردستان چارەنووسسازە، تەنانەت ئەگەر بە سیاسەتێکی حەکیمانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوە زۆر بە زیانی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە.

**سێیەم:** قەیرانی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێك کە چیتر دەرفەتی تەحەمول و بەرگەگرتنی نەماوە لەلایەن خەڵکەوە، بە گشت توێژەکانییەوە؛ چونکە ئەوانەی فەرمانبەرانی حکوومین لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2014وە تا ئێستا مووچەکانیان بەتەواوەتی نەدراوە. ئەمەیش گرفتێکی گەورەی داراییی لە هەرێمی کوردستان دروست کردووە؛ چاوەڕێش دەکرێت ئەم گرفتە لە ساڵی 2024 درێژەی هەبێت. هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ساڵی 2024 چڕ کردۆتەوە، بەڵام لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق کە نزیکن لە ئێران، هیچ کاتێك جێگەی متمانە نەبوونە و چەندان جار دوای ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پاشگەز بوونەتەوە لەو ڕێککەوتنەی کە پێشتر کردوویانە. ئێستایش بارودۆخەکە جیاواز نییە لەوانەی پێشووتر و، چاوەڕوان ناکرێت گرفتەکە بەئاسانی چارەسەر بکرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کێشە و گرفتی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران لە ساڵی 2024یش بەردەوام دەبێت.

**چوارەم:** حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر چەندان ناوی جیاوازدا ڕێژەی ئەو ڕسوومات و باجانەی کە بەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا سەپاندووە، بەراورد بەوانەی شارەکانی دیکەی عێراق زۆر بەرزترە. ئەمەیش قەیرانێکی زۆر گەورەی بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە و بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئاستێك هاووڵاتیان هەست بەوە بکەن کە حکوومەت ستەمیان لێ دەکات و خەریکە متمانەیان بە حکوومەت نەمێنێت. بەرزیی ڕێژەی باج و ڕسووماتی سەپێنراو لەسەر پرۆژە بازرگانییەکان بەتایبەت و چالاکییە بازرگانییەکان بەگشتی، وای کردووە کە وەبەرهێنەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە جیاتی شارەکانی هەرێمی کوردستان، ڕوو بکەنە شارەکانی دیکەی عێراق. ئەگەر ئەم بارودۆخە بەم شێوازە لە ساڵی 2024یش درێژەی پێ بدرێت، ئەوە قەیرانە دارایی و ئابوورییەکەی هەرێمی کوردستان قووڵتر دەبێت و وەکوو هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئابووریی هەرێمی کوردستان دەمێنێت و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش کاریگەریی دەبێت بۆ سەر سەقامگیریی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم:** نەوەیەکی تازەی گەنج لە هەرێمی کوردستان پێ ڕاگەیشتووە کە پێداویستی و ئامانجەکانیان لە نەوەکانی پێشووتر زۆر جیاوازترە. بەداخەوە پێ ناچێت تا ئێستا نە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نە

حزبە سیاسییەکان لە هەرێم، ستراتیژییەت و بەرنامەی کاری تایبەتیان هەبێت بەم چینە تازەپێگەیشتووە. ئەگەر ڕەفتار و هەڵوێستی حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێم بەرامبەر بەم نەوە نوێیە گەنجە لە چوارچێوەیەکی زانستی و پراکتیکیدا نەبێت، ئەوە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2024 کێشە و گرفتەکانی ئەم چینە زیاتر و ئاڵۆتر بێت و، ئەم گرفتە زۆریش لەبارە بۆ دەستوەردانی دەرەکی، کە لەوانەیە زەمینەی گونجاو ئامادە بکات بۆ قووڵترکردنی بۆشاییەکانی نێوان حکوومەت (بەرپرسە سیاسییەکان) و چینی گەنجان.

**هەڕەشەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کامانەن؟**

هەڕەشەیەکی دیکەی گرنگ کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2024یش بەردەوام بێت، هەڕەشە و مەترسییەکانی بەغدایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، عێراق لە دوای ساڵی 2003وە تا ئێستا هیچ کاتێك نەیویستووە "هەرێمی کوردستانێکی بەهێز" دروست ببێت؛ ئەوەی کە تا ئەمڕۆیش هەیە بەهۆی ئەمری واقع و گوشاری ئەمریکا و ئیرادە و قورسایی خودی هەرێمی کوردستانە. بۆیە هیچ کاتێك هەڕەشەکانی بەغدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ نەهاتووە؛ ئەوەی ڕووی داوە تەنیا گۆڕانکاری بووە لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێمی کوردستان و لەناوبردن و لاوازکردنی. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە دۆزی کورد لەو ڕۆژەی کە عێراقی هاوچەرخ دامەزراوە تا ئێستا کۆتایی پێ نەهاتووە و چەندان حکوومەتی عێراقی بەهێز و خاوەن چەك و تەقەمەنی نەیانتوانیوە کورد لەناو بەرن و نایشتوانن لەناوی بەرن، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت ستەم و ناهەقی بەرامبەر کورد نەکراوە و ناکرێت؛ بەپێچەوانەوە سەرجەم دەسەڵاتەکان لە عێراق ستەمیان لە کورد کردووە و بەردەوامیشن لەم ستەمە.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین گرنگترین ئەو هەڕەشانەی خوارەوە بخەینە ڕوو کە لە ساڵی 2024 لەلایەن عێراقەوە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە:

**<u>یەکەم:</u>** پێشبینی دەکرێت ئەگەر هەلومەرجە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەم شێوەیە درێژەیان پێ بدرێت، ئەوە گوشارە سیاسییەکانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بە سوننە و شیعەوە، لە ساڵی 2024 بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت؛ چونکە لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەت لایەنە شیعەکان، بە هیچ شێوەیەك قبووڵیان نییە هەرێمی کوردستان بەبێ خزمەتکردنی ئەجێندا سیاسییەکانی ئەوان هەڵسوکەوت بکات. جگە لەمە، ئیسلامی سیاسی شیعە لە عێراق لە دوای قۆناغی ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دووچاری شکستێکی گەورە بۆتەوە و بە هیچ شێوەیەك حوکمڕانیی ئیسلامی سیاسی شیعە نەیتوانیوە وڵاتێکی پێشکەوتوو لە عێراق بنیات بنێت؛ ئەوەی ڕووی داوە سەرجەم سیاسییەکانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی شیعە، تا ئێسقان لە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی وڵات تێوە گلاون. ئەم دەرفەتە زێڕینەی دوای ساڵی 2003 کە بۆ لایەنە سیاسییە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق ڕەخسا، نەتوانرا وەك پێویست و بە شێوەیەکی تەندروست ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت. بۆیە شارەکانی دیکەی عێراق بەراورد بە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو سەرەڕای بڕینی بوودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، زۆر دواکەوتوون و نەتوانرا بەپێی ئەو بوودجە زەبەلاحانەی کە بۆ عێراق دابین کراوە، ژێرخانێکی تەندروست بنیات بنرێت. بۆیە لایەنە سیاسییە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بە مەترسییەکی ڕاستەوخۆ دەبینین بۆ سەر پێگەی خۆیان لە عێراق. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە دەبینین بەردەوام سیاسەتمەدارانی شیعە، بەشەبوودجە و شێوازی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان وەك بابەتێکی کاریگەر لە هەڵمەتەکانی

هەڵبژاردنەکانی خۆیان بەکار دەهێنن و، چاوەڕوان دەکرێت ئەم گوشارە لە ساڵی 2024 بەردەوام بێت.

لە لایەکی دیکە نەوەیەکی نوێی سەرکردە سیاسییەکان لە عێراق گەیشتوونەتە دەسەڵات و بیربۆچوونیان زۆر جیاوازە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی کورد و تەنانەت بۆ دۆزی کوردیش لە عێراق. کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە سەرکردایەتییە نوێیە بەراورد بەوانەی پێشتر، سەختترە؛ لەوانەیە ئەمە یەکێك بێت لە هۆکارەکانی خراپیی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەم کێشەیە لە ساڵی 20024یش بەردەوام بێت و زۆر زەحمەتە ئەم گرفتە بەئاسانی چارەسەر بکرێت.

**__دووەم:__** هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵەی 2014وە لەلایەن بەغداوە ڕووبەڕووی جۆرێکی دیکەی هەڕەشە بۆتەوە، ئەویش بریتییە لە بە کارهێنانی دادگەی باڵای فیدراڵی لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەژێر بیانووی نادەستووریبوونی بڕیار و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاوازەکاندا. بەکارهێنانی دادگە بە مەبەست و ئامانجی سیاسی دژی هەرێمی کوردستان، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر و مەترسیدارە بۆ سەر قەوارەکەی. تێبینی کراوە زۆربەی بڕیارەکانی ئەم دادگەیە ڕاستەوخۆ قەوارەی هەرێمی کوردستانی کردۆتە ئامانج و لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا بڕیارەکانی دەرکردووە؛ بۆ نموونە نادەستووریبوونی فرۆشتنی نەوتی هەرێم، نادەستووریبوونی بڕیاری درێژکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و کۆتاییهێنان و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، گرنگترین و سەرنجڕاکێشترین ئەو بڕیارانەن کە دادگەکە دەری کردووە. یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیش ئێستا لە بەردەم ئەم دادگەیەدایە کە تا ئێستا بە بیانووی جۆراوجۆر دانیشتنەکانی لەبارەی یاساکەوە دوا خستووە کە لە [کۆتا دانیشتنەکەی بۆ 21ی کانوونی دووەمی ساڵی 2024 دوا خراوەتەوە]. کەواتە لە ساڵی 2024یش پێشبینی دەکرێت هەڕەشەکانی ئەم دادگەیە لە دژی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت. ئەم هەنگاوەی لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی نزیك ئێران، دەری دەخات کە لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێ چوارچێوەیەکی یاسایی بدەنە ئەو ستەم و ناهەقییانەی کە دەرهەق هەرێمی کوردستان دەکرێت و تا ڕاددەیەکیش لەم کارەیان سەرکەوتوو بوونە.

**__سێیەم:__** بەغدا تەنیا بە گوشاری سیاسی نەوەستاوە بەڵکوو لە سەرجەم سێکتەرکان درێژەی بەم گوشارەی داوە، بۆ نموونە لە ڕووی داراییەوە کار بۆ ئەوە کراوە هەرێمی کوردستان بخەنە ژێر قەرزێکی زۆر بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا کۆنترۆڵی بکەن و خۆیان بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بن؛ تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی قەرز خەرج کراوە. خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران بە شێوەی قەرز لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە نەبینراوە. جگە لەمە سەرەڕای ئەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لە وەرزی زستان ساردە و بەراورد بە شارەکانی دیکەی عێراق بەفر و بارانی زۆرتری لێ دەبارێت، بەڵام حکوومەتی عێراق فەرق و جیاوازییەکی زۆر و نادادپەروەرییەکی گەورەی کردووە لە بابەتی پاڵپشتیکردن لە نرخی سووتەمەنییەکان بە گشت جۆرەکانییەوە. بۆ نموونە: نەوتی سپیی ماڵان و بەنزین بە نرخی پاڵپشتیلێکراو بۆ هەرێمی کوردستان نەنێردراوە بەو شێوەیەی کە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دابین دەکرێت؛ هەروەها هیچ فەرمانبەر و هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان ناتوانێ سوودمەند بێت لەو قەرزانەی کە لەلایەن بانکە حکوومییە عێراقییەکانەوە بۆ فەرانبەر و هاووڵاتیانی شارەکانی دیکەی عێراق دابین کراوە. ئەم کێشە و قەیرانانە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2024یش بەردەوام بێت؛ واتە گرفتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان وەکوو "هاووڵاتیی دەرەجە دوو" لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی عێراق درێژەی پێ دەدرێت. ئەمەیش یەکێکی دیکەیە لەو هەڕەشانەی بەغدا بەرامبەر بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

**چوارەم:** سەرکردایەتیی کورد و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیار لەسەر ئاستی عێراق دوور خراونەتەوە. بە هیچ شێوەیەك بڕیارەکان لە بەغدا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان نادرێت، بەڵکوو تاکلایەنانە و تەنانەت جاروبار بڕیارەکان لە دژی هەرێمی کوردستانە. لەبەر ئەم هۆکارە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە دوورخستنەوەی کورد لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکان لە بەغدا، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، چونکە یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی سیستەمی فیدراڵی بریتییە لە بەشدارپێکردنی یەکە پێکهێنەرەکانی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار.

**پێنجەم:** عێراق لە دوای ساڵی 2003وە پڕیەتی لە میلیشیا لەیاسادەرچووەکان. ئەم گرووپ و میلیشیا لەیاسادەرچووانە بەردەوام هەڕەشەن لەسەر سەقامگیری و ئارامیی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت. هەولێر بەردەوام بۆتە ئامانجی ئەم جۆرە گرووپانە و بەردەوامیش بە بیانووی هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا، فڕۆکەخانەی هەولێر و هەریر و شوێنەکانی دیکەی پارێزگای هەولێر دەکرێتە ئامانجی ئەم گرووپە لەیاسادەرچووانە. پێشبینی دەکرێت ئەم جۆرە هێرشانە لە ساڵی 2024 درێژەی پێ بدرێت و لەوانەیە هێرشەکان چڕتر بکرێن و شوێن و ئامانجی تر بکەونە چوارچێوەی هێرشەکانیان.

### گرنگترین هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا چین؟

گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکانیش ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت. لە ساڵانی ڕابردودا چەندان ڕووداو و پێشهاتی گرنگ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ڕووی داوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت. جەنگی غەززە و ململانێکانی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و، ئێران و گرووپە پرۆکسییەکانی، گوازراوەتەوە قۆناغێکی مەترسیدار، بەتایبەت هێرشی حووسییەکان بۆ سەر کەشتییە بازرگانەکانییەکان لە دەریای سوور. کاردانەوەی ئەم پێشهاتانە ڕاستەوخۆ لەسەر هەرێمی کوردستان دەبینرێت؛ چونکە ئێران کە لایەنێکی گرنگی ئەم گرفت و قەیرانانەیە، دراوسێی هەرێمی کوردستانە و هەرچەندە هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات خۆی لەم قەیرانان و ململانێیانە بەدوور بگرێت، بەڵام بەناچارییش بێت خۆی لەنێو جەرگەی کێشمەکێشەکان دەبینێت. جگە لەمە پێشبینی دەکرێت هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی بەم شێوەی خوارەوە ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشە و مەترسییانە ببێتەوە لە ساڵی 2024:

**یەکەم:** ئێران لە دوای ساڵی 2003وە تا ئێستا بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکات عێراق بە شێوەیەکی گشتی کۆنترۆڵ بکات. بۆ ئەم مەبەستە تاران ئامراز و ڕێگە و ستراتیژییەتی جۆراوجۆر بۆ پێکانی ئەم ئامانجەی بەکار دەهێنێت و، با ئەمە لەبەرچاو بگرین کە هیچ کاتێك تاران نەیویستوە و نایەوێت دەوڵەتێکی بەهێز **"تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی شیعییش بێت"** لە عێراق هەبێت. ئەو مۆدێلەی ئێران لە عێراق مەبەستیەتی، عێراقێکە کە لاواز بێت و لەژێر کۆنترۆڵی تاران بێت. جا ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە؛ واتا هەرێمی کوردستانێکی لاواز، ئاوات و خواستی تارانە. جا تاران بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەی کاری کردووە، جا چ لە ڕێگەی گوشاری سیاسی یاخود دیپلۆماسی یانیش ئابووری و تەنانەت جاروباریش ڕاستەوخۆ هەولێری بە مووشەك و درۆنەوە کردۆتە ئامانج. ئەم هەڕەشە و مەترسییانەی ئێران لە ساڵان و قۆناغەکانی پێشوو هەر هەبووە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2024یش هەڕەشەکانی تاران درێژەی پێ بدرێت و، دووریش نییە شێوازەکانی دەستوەردانی تاران گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و هێرشە

مووشەکی و درۆنییەکانی زیاتر بێت.

**دووەم:** تورکیاش کە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دراوسێی هەرێمی کوردستانە، کێشەیەکی گەورە و ستراتیژیی هەیە لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت، ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی خاکی عێراق لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە لە دژی تورکیا. ئەنقەرە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی پێشوویش ئەم کێشە و گرفتەی هەبووە و کێشەکە تا ئێستایش درێژەی هەیە و لەمێژیشە گەیشتۆتە ڕەهەندی هێرشی سەربازی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق. هێرشە سەربازییەکانی تورکیا، بەردەوام هەڕەشە بووە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و جۆرە ناسەقامگیرییەکی ئەمنیی دروست کردووە. هەروەها سەرەڕای هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گرنگیی نەگواستنەوەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان تورکیا و چەکدارانی پەکەکە بۆ سەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم شەڕە گوازراوەتەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئەم هەڕەشەیە هەروەك چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا بوونی هەبووە، لە ساڵی 2024یش بەردەوام دەبێت و ئەمەیش هەرێمی کوردستان زۆر تەریق (ئیحراج) دەکاتەوە.

**سێیەم:** ڕووداوەکانی سووریا لە ساڵی 2011وە تا ئێستا کۆتاییان پێ نەهاتووە و ئەم ڕووداو و پێشهاتانەی سووریا کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە، کە گرنگترینیان ڕووکردنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەری سوورییە بۆ هەرێمی کوردستان. هەرچەندە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دارایی سەخت بۆتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێشوازیی لە پەنابەرە سوورییەکان کردووە و ئێستایش ژمارەیەکی بەرچاوی ئەم پەنابەرانە لە هەرێمی کوردستان ماونەتەوە و خەریکە بەشێکی بەرچاویان لە هەرێمی کوردستان جێگیر دەبن. جێگیربوونی پەنابەرە سوورییەکان لە شارە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان هەڕەشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەمنییە بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان. ئەم دۆخە ئێستا هەستی پێ دەکرێت بەڵام نیشانەی زیاتری ئەم بارودۆخە لەوانەیە لە ساڵی 2024 زیاتر بەدەربکەوێت و بەمەش ناوەستێت، چونکە ئەم پرسە ڕەهەندێکی دوورمەودایشی هەیە کە پێشبینی دەکرێت لە قۆناغ و ساڵانی داهاتوو زیاتر و زەقتر بەدەربکەوێت.

هەر لە سووریاوە بەهۆی نالەباریی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری، کاریگەریی زیاتری بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێت؛ چونکە ڕووداو و پێشهاتەکانی سووریا بەردەوام کاریگەریی خراپی لەسەر ئاسایشی عێراق و هەرێم هەبووە و، پێشبینی دەکرێت ئەم مەترسییە لە ساڵی 2024یش درێژەی پێ بدرێت.

**چوارەم:** ئەمریکا لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەندان کێشە و گرفتی هەیە، بۆیە لەوانەیە ساڵی داهاتوو بۆ واشنتۆن ساڵێکی سەخت و پڕکێشە و گرفت بێت؛ چونکە لە لایەك قەیرانی ئۆکراینا درێژەی هەیە و لە لایەکی دیکە ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕێگەی میلیشیاکانییەوە کە لە هەر یەك عێراق، لوبنان، سووریا و یەمەن هەیەتی، بەردەوام گوشار دەخاتە سەر ئەمریکا. بەرامبەر ئەمەیش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا کە بڕیارە لە 5ی ئەیلوولی ساڵی 2024 ئەنجام بدرێت، گوشارێك و ڕەهەندێکی دیکەی خستۆتە سەر لایەنەکان. بۆیە ساڵی 2024 لەوانەیە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو جموجۆڵ و موزایەداتی سیاسی و سەربازی و ئابووریی زیاتر لەخۆ بگرێت. هەروەها لە ساڵی 2024 هەڵبژاردن لە زیاتر لە شەست وڵاتی جیهاندا بەڕێوە دەچێت؛ بێ گومان ئەمەیش کاریگەریی لەسەر جیهان و ناوچەکە دەبێت، چونکە چاوەڕێی ڕوودانی هەندێك گۆڕانکاریی بەرچاو لەسەر ئاستە جیاوازەکان دەکرێت. ئەم گۆڕانکارییانە دیسان کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت. بۆیە زۆر گرنگە بەرپرسانی حکوومی

و حزبیی هەرێم، کاری جددی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنن؛ بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی کێشە و قەیرانی قووڵ دەبنەوە.

**دەرفەتەکان چین بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤؟**

سەرەڕای ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە چاوەڕێ دەکرێت ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێشبینی دەکرێت هەندێك دەرفەتی بۆ بڕەخسێت کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانە:

**__یەکەم:__** پێشبینی دەکرێت پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکە بەرەو خراپی و ئاڵۆزی بچێت. لەم حاڵەتەدا، دەکرێت هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، سیاسەتێکی هاوسەنگ پەیڕەو بکات. هەرچەندە زۆر سەختە بتوانرێت لە کێشە و گرفتێکی ئاوادا یەکەیەکی فیدراڵیی وەکوو هەرێم بتوانێ بەئاسانی ئەم هاوسەنگییە ڕابگرێت، بەڵام بوون بە تەرەف لە ململانێکان زیانی زیاتری دەبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران، دەکرێ ببێتە دەرفەتێك لە ئەگەری پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی حەکیمانە؛ لە هەمان کاتدا ئەگەر بەباشی و لە چوارچێوەی ستراتیژییەتێکی دیاریکراوی ئامانجدار هەڵسوکەوت نەکرێت، ئەوە زیانی زیاتر دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان و ساڵی 2024ی لێ قورستر و سەختر دەکات.

**دووەم:** سەرەڕای ئەوەی بە گوشاری ئێران لایەنە شیعەکانی نزیك تاران لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەك ڕێك خراون و حکوومەتیان پێك هێناوە و لە پەرلەمان زۆرینەی کورسییەکانیان بەدەستەوەیە، بەڵام ئەم لایەنە سیاسییە شیعانە لە نێوخۆیاندا کۆك نین و چەندان گرفت و کێشە هەیە لە نێوانیاندا. بەداخەوە تا ئێستا حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان سوودیان لەم خاڵە نەبینیوە بۆ ئەوەی وەکوو کارتێکی گوشاری ناڕاستەوخۆ بەکاری بهێنن؛ بەپێچەوانەی لایەنە شیعەکان کە توانیویانە ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی زۆر بەباشی بقۆزنەوە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکاری بهێنن. لە لایەکی دیکە هێزە شیعەکان گوشارێکی بەرچاویان کردۆتە سەر لایەنە سوننەکانی عێراق؛ واتە نێوانی حزب و گرووپە سوننەکان و شیعەکان باش نییە و پڕیەتی لە کێشە و گرفت. دەکرێ ئەم خاڵە لەلایەن هەرێمی کوردستان لە دژی لایەنە شیعەکان بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی قورساییەکی بەرچاو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەست بهێنن. بەڵام بۆ جێبەجیکردنی ئەم خاڵە، مەرجە نێوماڵی کورد یەك بخرێت؛ کە ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەحاڵ نییە.

**__سێیەم:__** هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی پابەندی مەرجەکانی بەغدا و لایەنە شیعەکان بووە بۆ ئەوەی کێشەی مووچە و بوودجەی هەرێم چارەسەر بکەن، چونکە لە هیچ کات و قۆناغێکدا هەرێم ئەوەندە مەرجەکانی بەغدای جێبەجێ نەکردووە؛ کە دەکرێت بەهۆی ئەم خاڵەوە زیاتر گوشار بخرێتە سەر بەغدا و لایەنە سیاسییە شیعەکان بۆ ئەوەی کێشەی مووچەی هەرێم چارەسەر بکەن؛ بەڵام پێویستە ئەم دەرفەتە بەباشی لەلایەن حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمەوە بەکار بهێنریت. واتە ئێستا دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی هەرێم هەیە و پاڵپشتی و هاوسۆزییەکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییش بۆ ئەم مەبەستە دروست بووە؛ بە شێوەیەك دەکرێت پرسی مووچە و بوودجەی هەرێم لە ساڵی 2024 چارەسەر بکرێت. بەڵام دەبێ ئەمەیش لەبەرچاو بگیرێت، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاسان نابێت و پێویستی بە کۆششێکی چڕ و ئیرادەیەکی پتەو هەیە.

**چوارەم:** بەهۆی زۆربوونی گوشارە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر هەرێم و دروستبوونی چەندان قەیرانی نێودەوڵەتی و هەرێمی لە ناوچەکەدا، ئێستا بارودۆخەکە لەبارە بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی کێشەکانیان چارەسەر بکەن و لە چوارچێوەی "ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژیی درێژخایەن" هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن. بێ گومان ئەمە ئاسان نییە، بەڵام دەبێ ئەمە لەبەرچاو بگرین کەوا ویست و ئیرادەیەکی نیشتمانی هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە، کە نابێت پارتی و یەکێتی فەرامۆشی بکەن. بۆیە دەتوانین بڵێین بارودۆخەکە لەبارە بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی زیاتر لێك نزیك ببن و کێشەکانیان تا ڕاددەیەکی باش چارەسەر بکەن. هەرچەندە بنەما و کێشەی دوو-ئیدارەیی زۆر سەختە کۆتاییی پێ بێت، بەڵام لانی کەم دەکرێت بەپێی پێشهات و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان لە ساڵی 2024، خۆیان لەگەڵ دۆخە تازەکە بگونجێنن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی باڵای هەرێمی کوردستان کۆ ببنەوە؛ بەپێچەوانەوە نە مێژوو و نە ئەو نەوە نوێیە گەنجە (Z Generation) ڕەحەم بە هیچ لایەك ناکات، چونکە بارودۆخی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار.

**پێنجەم:** ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەمساڵدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە پێشتر کرابوون، وەك: ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان لە کات و وادەی خۆیدا، کارانەکردنی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم. بۆیە ئەم دەرفەتە دەبێت بەباشی بەکار بهێنرێت بە مەبەستی دووبارەنەکردنەوەی ئەو هەڵە ستراتیژییانەی کە پێشتر کرابوو و، پێویستە لایەنە سیاسییەکانی هەرێم ئەمە باش بزانن کە هەر کێشە و قەیرانێکی سیاسی دەبێتە مەترسییەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان و، دەکرێ دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2024، گرفتە ستراتیژییەکانی وەکوو دیاریکردنی یاسای هەڵبژاردن، بە شێوەیەك کە بۆشاییی یاسایی لێ نەکەوێتەوە، چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی دووبارە دامەزراوە فەرمی و دەستووری و یاساییەکانی هەرێم نەکەوێتە ژێر ڕەحمی دادگەی باڵای فیدراڵی لە بەغدا.

**کۆبەند**

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی بۆتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و میلیشیا چەکدارە جۆراوجۆرەکان. بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستانیش کەوتۆتە نێو جەرگەی ئەم ناوچە گەرموگوڕەی جیهان، ئەم پێشهات و ڕووداوانە ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستان هەستیان پێ دەکرێت و بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و داراییی هەرێم. بۆیە سەرکردایەتیی کورد دەبێ ئامادەکارییەکی باش بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە نالەبارانە کە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2024 لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕوو بدەن؛ بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆری بەردەکەوێت و پێ دەنێتە قۆناغێکەوە، کە ئەستەمە دووبارە بگەڕێتەوە دۆخە باشەکەی جارانی. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەڕەشە سیاسی و ئەمنی و سەربازی و ئابووری و داراییەکان لە ئاستە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا ئەم جارەیان زۆر جددین و مەترسیدارن؛ بە شێوەیەك ئەگەر بە عاقڵانە و بیرێکی ستراتیژی بەرەنگاری،ی نەکرێت ئەوە بەبێ هیچ یەك و دوو خەباتی دەیان ساڵی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەهەدەر دەچێت و **کرۆکی سەرکەوتنی کورد لەم بارودۆخەی ئێستا و داهاتوودا تەنیا و تەنیا بریتییە لە ڕێکخستنی نێومالّی کورد و وەلانانی بیری تەسکی حزبایەتی لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای هەرێمی**

کوردستان.